سەرۆک وەزیران جەختیکردەوە لەسەر گرنگی پاڵپشتیکردنی پرۆژەکانی پەیوەست بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان

ئەمڕۆ سەشەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لە گرنگی پاڵپشتیکردنی پرۆژەکانی پەیوەست بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا لەاویکردەوە" محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پشوازیکرد لە شاندەکی کەمپانیای دارایی نێودەوڵەتی/IFC، بە سەرکایەتی جێگری سەرۆکی دامەزراوەکە بە کاروباری ڕژهەڵاتی ناوەڕاست، هاڵا شێخ ڕوح.

هەروەها وتی" لە کۆبوونەوەکەدا بوارەکان و ئاسۆی هاوکاری نێوان عێراق و دامەزراوەکە خرانەڕوو کە یەکێکە لە دامودەزگاکانی بانکی نێودەوڵەتی، وجەختیشیکردەوە کەحکومەت بەردەوامە لە چاکسازییە ئابوورییەکان و ڕەوشەنەکانی باشترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان، هەروەها جێبەجێکردنی پرۆژەکانی تایبەت بەزیادکردنی بەرهەمی ناوخێیی گشتی و پشتگیریکردنی کەرتە نا نەوتیەکان و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت.

سەرۆک وەزیران داوای لە کەمپانیاکە کرد پێیمانگایەکی ڕاهێنان لە عێراق بکاتەوە کە تایبەتە بە پەرەپێدانی کاری بانکی و ئامادەکردنی مەدێلی ئابووری بە پرۆژەکان و پاڵپشتیکردنی ڕەوتی کەرتی تایبەتی عێراق لە پیشەسازی چیمەنتە و کەرەستەی بیناسازییەکان، چونکە لەگەڵ دەستپێکردنی کار

لەپرۆژەی شارەی نوێکان خواست لەسەری زیادبووە، هەروەها پەرەپێدانی تواناکانی کەمپانیای گشتی بە ئابووری کاربێن کە عێراق کار بە دامەزراندنی دەکات.

سودانی جەختی لەگرنگی پاڵپشتیکردنی پڕۆژەکانی پێیوەست بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان کردەوە، هەروەها تەواوکردنی گفتوگۆی ئەو پلانانەی ئامادەکراون بە نۆژەنکردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، کە لەلایەن کەمپانیاکە سەرپەرشتی دەکرێن.

لەلای خێیەوە، هاڵا ڕوحە ئامادەیی دامەزراوەکە بە هاوکاریکردنی عێراق لە هەموو بوارەکاندا دەربڕی، هەروەها ڕێی حکومەتی لە فراوانکردنی چاکسازییەکان و گرتنەبەری ڕێگایەک کە بەشدارە لە کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆن بەرزنرخاند، ئاماژەدا بە بەردەوامی کارکردن بە جێبەجێکردنی پلانەکانی نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، و پشتگیریکردن لە گەشەپێدانی بەردەوام و پێشخستنی گەشەی کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان.